# شەوانی قەدر، هەوڵێکی کەم پاداشتێکی زۆر

[ بە کوردی ]

# ليلة القدر: جهد قليل وأجر كثير

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : حاجی عومەر عەلی کەریم

الكاتب : عمر على كريم

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

# شەوانی قەدر: هەوڵێکی کەم پاداشتێکی زۆر

نووسەر: مەلا عومەر

malaomar2@hotmail.com

بێگومان کەس نیەلەئێمەکەتاوانی نەکردبێت و پێویستمان بەبەزەیی و لێخۆشبون و پاداشتی خوای گەورەنەبێت. وەشەوی قەدر کەلەکۆتایی مانگی ڕەمەزاندایەئەو هەموو خێرەی تێدا دەست دەکەوێت بەڕاستی هەلەو گرنگەئەم هەلەبقۆزینەوەبۆ بەدەستهێنانی ئەو پاداشتەگەورەیە، بەئومێدی دەست کەوتنی ئەو پاداشتەگەورەیەو لێخۆشبونی تاوانەکانمان زۆر پێویستمان بەم جۆرەهەلانەدەبێت و زۆر گرنگەکەنەهێڵین لەدەستمان دەربچێت. بۆ تێگەشتن لەشەوی قەدر کەسورەتێکی قورئانی بەناوەوەیەپێمان خۆشەبچینەخزمەتی ئەو سورەتەو لێکدانەوەی ئەو شەوەچونکەقسەی زۆر هەیەلەسەر ئەم شەوەچ شەوێکە؟ چونکەبەشێوەیەکی گشتی مسوڵمانان نایانەوێت ئەم شەوەیان لەدەست بچێ وەلەهەمان کاتدا دەیانەوێت هەر یەك شەو دانیشن و ئەو پاداشتەگەورەیان دەست بکەوێت یانی بەکەمترین کات زۆرترین پاداشتیان دەست بکەوێت!.

یەکەم ئایەتی سورەتی قەدر دوایی بسم اللهالرحمن الرحیم { إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ } واتەئێمەقورئانمان دابەزاندووەتەخوارەوەلەشەوی قەدرِدا . کۆمەڵێك ئایەت و فەرموودەلەبارەی دابەزینی قورئانەوەئەدوێن کورتەکەی ئەوەیەکەقورئان لەشەوی قەدردا لەمانگی ڕەمەزاندا هاتۆتەئاسمانی دونیا وەدواتر بەگوێرەی پێویست و هۆکارەکان لەماوەی بیست و سێ ساڵدا هەمووی دابەزیووەبۆ سەر پێغەمبەرمان درودو سڵاوی خوای لێ بێت. وەدوا بەدوای ئەوەدەفەرموێ { وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ }

ئەم ئایەتەش ڕونکەرەوەیەکەبۆ ئایەتەکەی پێشوو، وەهەر خوای گەورە خۆی دەفەرمووێ کەئەو شەوەبەفەڕەچی یەڕوونی دەکاتەوەبۆ پێغەمبەر وەلەپێغەمبەرەوەبۆ دوای خۆی هەروەها. وەهۆی ناو هێنانی ئەم شەوەبەقەدر ئەوەیەوەك لەتەفسیری القرطبی دا هاتووەلەم شەوەدا خوای گەورەئەندازەی ساڵی داهاتوو دەکێشێ لەدانی ڕزق و ڕۆژی و مردن و ئەجەل. لێرەدا دێتەسەر باسکردنی ئەم شەوەپیرۆزەوەك دەفەرموێ { لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ} شەوی قەدر چاکترەلەهەزار مانگ، مەبەست چاکترەلەهەزار مانك خێرو پاداشتەکەیەتی ئەو کارو کردەوەخێرانەی کەلەم شەوەبەفەڕەدا دەکرێت چاکترەلەهەزار مانگ. لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا لەتەفسیری ابن

كثيردا هاتووه(أَنَّ النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَكَرَ رَجُلًا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيل لَبِسَ السِّلَاح فِي سَبِيل اللَّه أَلْف شَهْر قَالَ فَعَجِبَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ ذَلِكَ قَالَ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ " إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْر وَمَا أَدْرَاك مَا لَيْلَةُ الْقَدْر لَيْلَةُ الْقَدْر خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْر " الَّتِي لَبِسَ ذَلِكَ الرَّجُل السِّلَاح فِي سَبِيل اللَّه أَلْف شَهْر . وَقَالَ اِبْن جَرِير حَدَّثَنَا اِبْن حُمَيْد حَدَّثَنَا حَكَّام بْن مُسْلِم عَنْ الْمُثَنَّى بْن الصَّبَّاح عَنْ مُجَاهِد قَالَ كَانَ فِي بَنِي إِسْرَائِيل رَجُل يَقُوم اللَّيْل حَتَّى يُصْبِح ثُمَّ يُجَاهِد الْعَدُوّ بِالنَّهَارِ حَتَّى يُمْسِي فَفَعَلَ ذَلِكَ أَلْف شَهْر فَأَنْزَلَ اللَّه هَذِهِ الْآيَة" لَيْلَة الْقَدْر خَيْر مِنْ أَلْف شَهْر " قِيَام تِلْكَ اللَّيْلَة خَيْر مِنْ عَمَل ذَلِكَ الرَّجُل) پیاوێك هەبوو لەبەنی ئیسرائیل کەهەزار مانگ چەکی لەخۆ کردبوو لەپێناوی خوادا دەجەنگا وەمسوڵمانەکان زۆر سەرسامی ئەم کابرا بوون یانی وەك بڵێی چ پاداشتێکی هەبێت ئەم هەوڵ و تێکۆشانەو وەچۆن ئەو پاداشتەدەست بکەوێت وەخوای گەورەئەم ئایەتەی دابەزاند کەزیندوو کردنەوەی ئەم شەوەبۆ پەرستش لەپێناو خوادا ئەو پاداشتەی دەبیت { تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ مِنْ كُلِّ أَمْرٍ} وەهۆی گرنگی ئەم شەوەلەمئایەتەدا دەردەکەوێت کەفریشتەی تێدا دادەبەزێت بەئیزنی خوا کەبڕیاری هەموو شتێکی ئەو ساڵی داهاتوو پیّ یەلەمردن و ژیان و ئەجەل و ڕزق و ڕۆزی وەك لەئایەتی دووهەمدا ئاماژەمان پیّ کرد وەکۆتای ئایەتەکەدەفەرمویّ { سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ} ئارامی و خۆشی تا بەرەبەیان.

لەڕاستی دا زۆر گەڕام لەلەسەحیحی بوخاری و مسلیم و موطاء ابن مالك بۆ دۆزینەوەی فەرموودەیەك لەسەر ئەوەی کەچ ڕۆژێکەهیچم نەدۆزیەوەبڵیّ شەوێکی تایبەت هەیەکۆمەڵێك فەرموودەی زۆرم بینی وەك ئەمەی خوارەوەدوانیانەئاماژەی پیّ دەکەم هەموو فەرمودەکانی تر هاوشێوەن.

( كان رسول الله  صلى الله عليه وسلم  يعتكف العشر الأواخر من رمضان ) واتەپیغەمبەر درودی خوای لیّ بێت دەشەوی کۆتایی ڕەمەزان لەمزگەوت دەماوە.

(أن النبي  صلى الله عليه وسلم  كان  يعتكف العشر الأواخر من رمضان حتى توفاه الله ثم اعتكف أزواجه من بعده) هەمان مانای فەرموودەکەی تری هەیەوەخێزانەکانیشی دوای ئەو هەر بەو شێوەیان کردووە. جا بۆ بەدەست خستنی ئەم خیرو پاداشتەگەورەیەگرنگەئەم شەوانەبەعیبادەت بکەینەوەبۆ مسۆگەری کردنی ئەم خیرەگەورەیەوەگەر دەشەوی کۆتایی ڕەمەزانمان کردەوەزیاتر لەوەمان دەست دەکەوێت هەم خێری قەدرەکەو وەهەم عیبادەت کردنەکانمان لەشەوەکانی تری غەیری قەدردا لەکۆتایدا داواکارم لەخوای گەورەلەوەخێرەگەورەبیّ بەشمان نەکاو ئەو پاداشتەگەورەمان بەنسیب بکات امین

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم